**راگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی**

## کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

ئەمڕۆ شەممە ١٦/ ٢ / ٢٠١٣ کۆمیتەی سەرکردایەتی ( یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK) بەسەرپەرشتی هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی YNDK لە شاری هەولێر، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا، لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و کارو خەباتی YNDK کرا.

سەبارەت بە باکووری کوردستان: YNDK خۆشحاڵە بەپێشڤەچوونەکانی خەباتی نەتەوەکەمان لەو بەشەی وڵات و، سیاسەتی فاشییانەی رژێمی تورکیا کە دژی نەتەوەکەمان ئەنجامی دەدات ریسوا دەکات و، لەبارەی تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانیش لە لایەن تورکیاوە، وێرای ئیدانە کردنی ئەو هێرشانە YNDK جەختدەکاتەوە سەر ئەوەی کە دژی هەر دەستدرێژییەکی دەرەکییە بۆ سەر خاکی وڵات.

لەبارەی رۆژهەڵاتی کوردستان: YNDK بە گرنگی دەبینێت کە تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی وڵات کار بکەن بۆ کۆکردنەوەی هێزو تواناکانیان، بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی لە نێوان خۆیاندا بۆئەوەی ئامادە بن بۆ ئەو ئەگەرو پێشهاتانەی کە لەسەر ئاستی ناوچەکەدا روودەدەن و دێنە پێشەوە.

سەبارەت بە رۆژئاوای کوردستان: YNDK بە گرنگی دەزانێت تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی ئەو بەشەی وڵات یەکڕیزو یەکدەنگ بن و بەیەکەوە کاربکەن و خۆیان لە ململانێی حزبایەتی بەدوور بگرن، لەجیاتی حزبایەتی کوردایەتی بکەن و بەرژەوەندی نەتەوەیی لەبەرچاو بگرن و خۆیان دوور بگرن لەهەر گرژی و ناکۆکییەک، لەم رووەوە YNDK هەوڵەکانی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان بۆ لێکنزیکردنەوەی هێزو لایەنەکانی رۆژئاوای کوردستان بەرز دەنرخێنێت و پشتگیری تەواوی خۆی بۆ ئەم هەوڵانە رادەگەیەنێت و، داوا دەکات کەوا لایەنەکانی رۆژئاوا بە کردەیی رێکەوتننامەی هەولێر جێبەجآ بکەن، بۆئەوەی لە هەر جۆرە ناکۆکییەک دوور بکەونەوە.

لەبارەی باشووری کوردستان: YNDK بە پێویستی دەزانێت کە بەزووترین کات ناوماڵی کورد رێک و یەکبخرێتەوە، وای دەبینێت کە هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن، بە تایبەت لەم قۆناخە هەستیارو چارەنووسسازەدا، بۆ ئەمەش پێکهێنانی ئەنجوومەنێک بۆ لایەنە سیاسییەکانی باشووری وڵات بە گرنگ وەسفکرا، هەروەها لەسەر ئاستی نەتەوەییش جەختکرایەوە سەر بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری بۆ تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی مەزن.

سەبارەت بە پیلانەکانی حکومەتی عێراق دژ بە خەڵکی کوردستان و ناوچە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستان وەک کەرکوک و مەخموورو شنگال و شێخان و خانەقین و شوێنەکانی دیکە YNDK وایدەبینێت ئەو پیلانانەی عێراق بۆ ئەوەن کەوا ئەو ناوچانە نەگەڕێنەوە سەر کوردستان و وەک رژێمەکانی پێشوو داگیریان بکات، پێکهێنانی بەناو ( ئۆپەراسیۆنی دیجلە )یش بۆ ئەو مەبەستەیە، بۆیە YNDK زۆر بەتوندی ئەو پیلانانە ئیدانەو ریسوا دەکات و دژیان دەوەستێتەوە و داوا لە جەماوەری کوردستان و هەموو لایەک دەکات یەکدەنگ بن بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو پیلانە گڵاوانەی حکومەتی مالیکی.

سەبارەت بە عێراق: YNDK پێیوایە عێراق بەرەو تاکڕەوی و دکتاتۆرییەت هەنگاو دەنێت و وەکو رژێمەکانی پێشووی عێراق هەرکاتآ بەهێز بێتەوە دژی کورد دەوەستێتەوەو، ئەزموونی کورد لەگەڵ رژێمەکانی عێراق ئەوەمان پێدەڵێت کەوا متمانە بە دەسەڵاتەکانی عێراق نەکەین، بۆیە پێویستە لە ئێستاوە خۆمان بۆ ئەو ئەگەرو پێشهاتانە ئامادە بکەین کە دێنە پێشەوە و کاریگەرییان لەسەر گەلی کوردستان دەبێت.

سەبارەت بە رەوشی ناوچەکە: YNDK پێیوایە رۆژهەڵاتی ناڤین لە رەوشێکی پڕ ناسک و هەستیارو ئاڵۆزدایە و رۆژ بە رۆژ ئەگەرو پێشهاتی نوێ دێنە پێشەوەو، شۆڕش و راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی کە تا ئێستاش بەردەوامن، کاریگەری خۆیان دەبێت بۆ سەر بزاڤە رزگاریخوازەکانی دیکەی ناوچەکە، پێویستە ئێمەی کوردیش سوود لەو دەرفەتە وەربگرین و هاوکاری برایانمان بین لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆئەوەی ئەوانیش کارو خەباتی خۆیان خورت بکەن و بەرەو رزگاری و ئازادی هەنگاو بنێن.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باس لە کاروخەباتی YNDK لەماوەی رابردوودا کرا و کارنامەیەکیش بۆ کارو خەباتی داهاتووی YNDK دانرا، ئەمەو کۆبوونەوەکە سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارنامەی خۆی هێنا.

**کۆمیتەی سەرکردایەتیی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**١٦ / ٢ / ٢٠١٣ هەولێر _ باشووری کوردستان**